

دانـــــەر

**نامە نامۆکان**

نامەی حەوتەم

من بە بێ دەنگی ئەدوێم و نازانم هەستەکانم ئەگاتە گوێ ی کام عاشق !سەیری پێکەنینەکانم مەکە، گوێ لە قاقاکانم مەگرە، تۆ ئەزانی کە من هەمیشە بە خەمباری ئەمێنمەوە ،ئەزانیت کە لەو سەردەمانەدا ئەژیم کە بەختەوەرییەکان ڕێزو خۆشەویستیان لە دەست یاوە ...ئاواتە باڵاکان هەر بە کپی ماونەتەوە بەڵام بە بێ دەنگی خۆیان هاوار ئەکەن من دڵنیام هەموو کەس ناتوانێت گوێ ی لەو هاوارانە بێت هەندێك کەس هەن وا هەست ئەکەن ئاواتەکان هەر بوونیان نی یە! نازانن بەردەوام خەریکی داگیر کردنی خەیاڵەکانمن !

ئەمشەو وەك شەپۆلێکی سەرە رۆ ڕێگا ئەگرمە بەر بەڵام بۆ کوێ ئەڕۆم ؟بۆ کام ناونیشان کە پڕ بێت لە تاریکی وەك ڕەشی دڵی شەو ؟! تۆش سەرسام مەبە لە تەنیایی من کە دڵم تێکەڵێکە لە بە فرو خوێن ..ئەگەر بمەوێت لە ساتێکدا ون ئەبم و ونت ئەکەم ..ئەگەر بمەوێت دەستت ئەگرم و بەرەو بەرزترین لوتکە ئەفڕین ..ئەگەر نا بیانوو زۆرە بۆ ئەوەی نەبم بە تۆ ، هۆکار زۆرە بۆ ئەوەی تۆ لە چاوەڕوانی یا بهێڵمەوە ..خەونەکان هەموویان بەتاڵن وەك دڵی تۆ !..بەڵام باش بزانە هیچ شتێك ناتوانێت وا بە ئاسانی ئارامت کاتەوە..چەندین جار باسی قەدەرەکان ئەکەیت وە ك ئەوەی بەڵایەکی شووم بن نەتوانی خۆت دەرباز کەیت لێ ی ،بەڵام هاوڕێ سەختە زۆر زۆریش کۆیلەیەتی بۆ ئەو قەدەرانە ،دیلێتی لە ناو سنوری ئەو قەدەرانە ،ئەی کێ ئەبێتە هۆکار بۆ هاتنە بوونی چەند قەدەرێکی خراپتر لەوەی کە هەیە تەنها بیر بکەرەوە هیچی تر نا..!

مۆڵەتێك وەربگرە لەم جۆرە ژیانە هاوڕێ، بۆ دووبارەنەبوونەوەی ڕۆژە ڕۆتینەکان هەندێك کات نازانیت لە دوای ژمارە یەك چەند یێت ؟مەرج نی یە دوو بێت !...ئاخر ڕۆژێك یێت لەوانەیە ئیتر درەنگ بێت بۆ باس کردنی عەشق..لەوانەیە ئەو سیمایە نەمابێت کە تەنها خەونی تۆ بوویت ..لەوانەیە هەموو ژانەکانی دنیا لە دوا هەناسەی ئەودا ڕەنگی گۆڕابێت ..!

زۆر جار گومان ئەکەم لە هەناسەکانی خۆم ئەڵێم سەیرە من تا ئێستاش ئەژیم تا ئێستاش ماوم !..چەند ناخۆشە ژیان
کاتێك مرۆڤەکان ڕەنگی سپی پڕ لە بەرائەت ون ئەکەن لە ناخیانا ،کاتێك ڕەنگی سوری پڕ لە عەشق وجودی نی یە لە دڵیانا...کاتێك دەمامکەکانی دەم و چاویان بە پێ ی بەرژەوەندی تایبەت بە خۆیان ئەگۆڕن هە ر ڕۆژەو بە ڕەنگێك ..کاتێك ڕەنگی ڕەش ئەبێت بە حاکم و فەرمان ڕەوا ..!

من وتم با یاخی نەبم ..ئاخر تۆ بۆ وا ئەکەیت کە گومان بکەم خۆ من ئێستاش هەر خەڵکی ئەم سەر زەوی یە نیم و بە دوای ڕەگەزەکەی خۆما وێڵم ..ئێستاش هەر فریشتەکەی جارانم ..ئێستاش لە زمانی گوڵ و پەپولەکان تێ ئەگەم ..ئێستاش فرمێسکەکانی چاوم هەر هەمان فرمێسکی منداڵی یە ..ئەگە ر ئێستاش بێت هەر پێویستم بە باوەشە ڕۆحی یەکەی تۆیە گرنگ نی یە چەن لە زەمەن تێپەڕیوە .. نا هەرگیز گرنگ نی یە ..

سەیری نیگاکانی چاوم کە تەنها جارێك لێ ی بڕوانە ئەو خۆی ئەدوێت ئیتر من بێ دەنگ ئەبم ..با نۆتەکانی مۆسیقا غەمگینەکان شایەت بن ..با ئەو گڕەی لە دەرونما وەك ڕەشەبا ئەخولێتەوە شایەت بێت ..با ئەو هەناسە کورتانەی هەمیشە لام دووبارە ئەبێتەوە شایەت بێت ..من ئیتر بێ دەنگ ئەدوێم هیچی تر ناڵێم چونکە هەستەکانیش لێم تۆراون ، تەنها ئەمجارەش بیرت ئەهێنمەوە ( تەمەن چەن کورتە!)...(بەشی خۆشەویستیت ناکات.....(!

سلێمانی

دانـــــەر